سەرۆك کۆمار پێویستی پاڵپشتیکردنی بەرنامەی کاری حکومەتی دوپاتدەکاتەوە

سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید پێشوازیکرد لە شێخ جەمال زاری ئەمینداری گشتی پێژەی نیشتمانیی عێراقی.

سەرۆکایەتی کۆمار باڵوێکردەوە لە میانی دیدارەکەدا، کە ئەمڕۆ دووشەممە 29-4-2024 لە کۆشکی سەلام لە بەغداد بەڕێوەچوو، باس لە پێشهاتەکانی بارودۆخی وڵات کرا و سەرۆك کۆمار پێویستی ڕەکخستنی هەوڵەکان و کاری هاوبەشی نێوان لایەنە سیاسییەکان و پاڵپشتیکردنی بەرنامەی کاری حکومەتی دوپاتکردەوە بە پاراستنی دەستکەوتەکانی دیموکراسی و پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان و زامنکردنی مافەکانیان لە ژیانێکی ئازاد و شکۆمەندا.

لای خۆیەوە شێخ زاری ستایشی هەوڵەکانی سەرۆك کۆماری کرد لە بەدیهێنانی بەرژەوەندی باڵای عێراق و پاراستنی ئاسایش و سەلامەتی هاووڵاتیان و پتەوکردنی سەقامگیریی ئەمنی و سیاسی و ئابووری، هاوکات داوای چەکردنەوەی هەوڵەکانی نێوان هێزە سیاسییەکانی کرد بە یەکلاییکردنەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ بە ئەنجومەنی نوێنەران.